## خێزانێك لە نێو دوكانێكدا دەژی و

## هەموو هیواشی ئەوەیە ببێتە خاوەنی چەند مەترێك زەوی بۆ ئەوەی خیمەی لەسەر هەڵبدات




**سمكۆ عەبدولكەریم**



دوای ئەوەی ئەو برادەرە باسی ئەو خێزانەی بۆ كردم ، یەكسەر ئەو نیوەڕۆیە 2006/2/9 چوومە نێو دوكانەكانی لەنگەی فرۆشی نێو شاری هەولێر كە دەكەوێتە سەر شەقامی سەد مەتری بەرامبەر مزگەوتە بچكۆلانەكە ، لە نێو دوكانێكی چەند مەتری تازە دروستكراوی لەنگە فرۆشەكان ئایشەی داپیرەی تەمەن 70 ساڵی بە خۆی ودوو كوڕی سەقەت و ناتەواوی تەمەن 30 ساڵی لەوێ دەژین ، وەك داپیرە باسی كرد بەر لەوەی مێردەكەی بە گوللەیەكی وێلی شەڕی سەردەمی ئێران و عیراق لە سەر پردی سەیداوە بكوژرێ ، ئەوانیش وەك هەر خێزانێكی دیكە بە شێوەیەكی ئاسایی ژیاون و هیچ كەمو كوڕیەكیان نەبوە ، مێردەكەی كە كارمەندی شارەوانی هەولێر بووە لە دوای خۆی ئەم ژنەو دوو كچ و دووكوڕی جێهێشتوە ، وەك ئایشە گووتی: ئەوان لە دوای راپەرینەكەی 91 كەوتونەتە كوچەو كۆلانەكان و هەر رۆژەی لە كوچە و كوخێك گیرساونەتەوە ، داپیرە ئایش گووتی ئەو هەرزوو بیری لەوە كردەوە كچەكانی بە شوو بدات نەك حەیاو ناموسیشی بچێت ، دیاربوو كچێكی دابوو بە خزمێكی خۆی ، كاتی پرسیاری ئەوەم لێكرد ، ئەوان بۆ ناتگرنە خۆ گوتی: ئەوانیش بێ جێوڕێن ، بەلاَم

کوڕەکەی فەیسەل کە ئەورۆژە تەنیا ئەوی لابوو، ناوە ناوە هەڵیدەدایێ بە هەردوو دەستی دەپاڕیەوەو دەیگوت شتێکمان بۆ دەکەن سەد جار خۆی بە قوربانی ئەم و ئەو و حکومەتی هەرێم دەکرد ، دواتر ئایشە کە ناوە ناوە بەدەم قسەکانییەوە دەگریاو فرمێسك بە چاوەکانی دا دەهاتە خوارەوە  ئەوەشی درکاند کە خزمەکانی ئامادەن بە خێوی بکەن بە مەرجێك هەردوو کوڕەکەی بەرەڵلاّ بکات ، کە ئەویش ئەوەی قبول نەبوو ،سەبارەت بە داهات و گوزەرانیشیان گووتی  هەموو داهاتمان ئەوبرە مووچەیەی خانەنشینی مێردەکەمە کە بە دووسێ مانگ جارێك وەری دەگرین ، ئەوان دەیانگوت زۆربەی جەمەکان نانو چای دەخۆین .




 کاتێ پرسیاری  ئەو کەلەوپەلە شەڕەی نێو دوکانەکەشم لێکردن ئایشە گووتی ئەوە هەموو خەڵکی خێرخواز پێیان داوین ، دیار بوو ئەوانیش کە بەر لافاوەکەی هەولێر کەوتبوون زۆر لەو خەڵکە رازی بوون و دەم نادەم دەستی نەزای بۆ بەرز دەکردنەوە دوعای خێری بۆ دەکردن ، وەك ئێمە لە قسەکانی دا تێگەیشتین  لە گەڵ ئەو هەموو ناخۆشیەی ناخۆشترین شتیشی  ئەوە بوو کە دەیگووت کە شەو دادێ لە ترسان هەموو گیانم وێك دێتەوە و بەردەدوام لە خەمی ئەوە دام کەی رۆژم لێدادێتەوە ، بەردەوام بە ئاگام و لە گەڵ بچوکترین ترپەش دڵە خورپە دام دەگرێ ، لە نێو ئەو هەموو نعمەتەی کە ئەمڕۆ مرۆڤ تێدا دەژی ، خواستو هیوای ئەم خێزانە تەنیا ئەوەبوو لایەنی بەرپرس ئاوڕێکیان لێبداتەوە و چەند مەترێك زەویان پێبدەن بۆ ئەوەی خێمەیەکی لە سەر هەڵبدەن و هەر رۆژەی لە قوژبنێك نەکەون ، چونکە وەك باسی کرد خاوەن دوکانەکان هەموو رۆژێك دەریان دەکەن و هەر چەند رۆژێك لە دوکانێکن ، کاتێ پرسیاری ئەوەشم لێکرد کە تا ئێستا هیچ کەس و لایەنێکی بەرپرس بە هاناتانەوە نەهاتوە گووتی : نەخێر هەتا بۆ خۆم چەندین جار چوومەتە بەردەگاکانیان و باسی ئەو نەهامەتییەی خۆم بۆ کردوون ، بەلاّم کەس بە تەنگمانەوە نەهاتوە ، بۆ خۆم چوومە لای پارێزگاری هەولێر باسی هەمووم بۆ کرد هەموو وەلاّمی ئەو، ئەو پەرەکاغەزە بوو کە خەتێکی کەسکی پێداهێناو گووتی بیبە لای فلان  ، کورد دەڵێ ئەگەر نەهامەتی هات لە هەموو روویەکەوە رووت تێدەکات ، لەگەڵ ئەم هەموو نەهامەتیانەشی دا کاتێ بۆ وەرگرتنی ئەو برە پارەیەی کە وەك قەربووی خۆراك تەرخان کراوە رووی کردۆتە بانك و پێیان گوتوە ناوەکەت هەلەیە برۆ راستی کەوە ، وەك سەیرم کرد ناوی بابی لە شوێنی باپیری نوسرابوو ،باپیریشی لە شوێنی بابی

.باوەڕناکەم هیچ لایەنێکی بەرپرس بە  بارودۆخی ئەو خێزانەی نەزانیبێ ، چونکە وەك داپیرە ئاماژەی بۆ کرد تا ئێستا چەند کەسێکی نەناسراو سەردانی کردون ، بەڵام نەك هەر نەیانزانیوە کێن ،دواتر چاویشیان پێیان نەکەوتۆتەوە ، سەیرەکە لەوەدایە ئێمە مانانیش هەر ئەوەندەمان پێدەکرێ وەك ئەوان لە سەر رووپەری رۆژنامەکان بۆیان بپاڕێنەوەو روو لە لایەنی بەرپرس بکەین و بڵێین دەزانن خەلکانێکیش هەن ئاوا دەژین و چاویان لە رەحمەتی ئێوەیە .

